شوێنەواری ئاوی لەشگرانیم لەسەر جلی پێغەمبەری خودا دەشۆرد -صلى الله عليه وسلم- ؛ بۆیە دەردەچوو بۆ نوێژ وشوێنەواری ئاو بە سەر جلەکەیەوە بوو

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «شوێنەواری ئاوی لەشگرانیم (مەنیم) لەسەر جلی پێغەمبەری خودا دەشۆرد -صلى الله عليه وسلم- ؛ بۆیە دەردەچوو بۆ نوێژ وشوێنەواری ئاو بە سەر جلەکەیەوە بوو». ولە گێڕانەوەیەکدا: «ئاوی لەشگرانیم (مەنیم) بە باشی دەمکڕاند (بە بێ بەکارهێنانی ئاو) لەسەر جلی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- (بۆ ئەوەی شوێنەواری نەمێنێت) وئەویش نوێژی پێوە دەکرد».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە - بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە لەسەر جلەکانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەندێک شوێنی پەڵەی ئاوی لەشگرانی دەمایەوە، جاری وا هەبوو کە تەڕ بوو بۆیە جلەکەی دەشۆرد، وئەویش بۆ نوێژ دەردەچوو وهێشتا جلەکە هەندێک تەڕی پێوە مابوو، وجاری وا هەبوو ئاوی لەشگرانی بە وشکی بەسەر جلەکەیەوە بوو بۆیە ئەویش دەیکڕاند بە دەستی بۆ ئەوەی شوێنەوارەکەی نەمێنێت وئەویش -صلى الله عليه وسلم- نوێژی بەو جلەوە دەکرد.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3388